سەید حەکیم: مامەڵە بە واقعیەت لەگەڵ ئاستەنگە ئەمنییەکان پاش کۆتاییهاتنی ئەرکی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی پۆیستیەکی نیشتمانییە



لەمیانەی سەردانەکەی بۆ کەربەلای پیرۆز، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت چاوی کەوت بە سەرکردە و کارمەندە ئەمنییەکانی بارەگای سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکان و داواشی کرد ئامادەیی تەواویان هەبێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ سروشتی عیراقی پاش تەواوبوونی ئەرکی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی و گوتیشی تیرۆر لە قۆناغی داهاتوو هەوڵ دەدات جووڵەیەکی میدیایی دروست بکات.

هەروەها جەختیشی کردەوە لەسەر پێویستی خوێندنەوەی ووداوەکانی ناوچەکە و تا چەند عێراق کاریگەری لەسەر بووە..
بەڕێزیان جەختی لە بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنە پیشەوەختەکان و کاری هەواڵگری، و پاراستنی دەستکەوتە ئەمنییەکان کردەوە کە بەدەست هاتوون، ئاماژەی بۆشدا کە عێراق لە ڕوانگەی ئابووریەوە بەدەست ووداوەکانی ناوچەکە دڵنانێت بەهەی هەڵاوسانی بەرهەمهێنان و کەمی هەناردەکردنی نەوتەوە و داوای گرتنەبەری سیاسەتی خۆگرتنی کرد و ئاماژەی بۆدا کە داوای خێپشاندان مافێکە بۆپی یاسا و دەستوور.

لەکۆتاییدا سەید حەکیم داوای لە هێزە ئەمنییەکان کرد کە خێپشاندەرانی گەنج و مۆک و ماڵی دەوڵەت بپارێزن لە ڕەگەی هێزەکانی تایبەتمەند لە مامەڵەکردن لەگەڵ خێپشاندانەکان کە مافێکانی مرۆڤ و مافە دەستوورییەکانی خۆیک لەبەرچاو دەگرن، داوای لەکردن پلانەکان هەمەچەشن بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ فرەیی و فرەچەشنی ڕکابەرییەکان بگونجێت و متمانەی خۆی بە توانای عێراقییەکان دەربڕی کە بە یەکەیزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی خۆیان ئاستەنگەکان تێپەڕێنن.